# جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ

ئەم جاڕنامە جیهانییەی مافەکانی مرۆڤ، بە گوێرەی بڕیاری ژمارە 217 ئەلف (د-3) لە 10ی کانوونی یەکەمی 1948، بە 48 دەنگ لە کۆی 56 دەوڵەت و دەنگنەدانی 8 وڵات، پەسند کراوە.

THIS UNIVERSAL DECLARATION OF HUMAN RIGHTS

10/12/1948

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:** ئاسۆ کەریم 26, 12, 2016

**دیباجە**

لە سەرینی ئەوەی کە داننان بە ئابڕوو و کەرامەتی ڕەگئاژۆی سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەی مرۆڤایەتی و، بە مافە وەکیەك و حاشالێنەکراوەکانی ئەوانیشەوە، بناغەی ئازادی، دادپەروەری و ئاشتی لە دنیادا پێك دەهێنێ،

لەبەر ئەوەی کە لەبیرخۆبردنەوەی مافەکانی مرۆڤ و سووکایەتپێکردنیان، کردەوەی بەربەری و هۆڤییانەی ئەوتۆیان بەدواوە بووە کە ئازاری ویژدانی مرۆڤایەتییان داوە،

لەبەر ئەوەی کە ئاواتی هەرە بەرزی تەواوی خەڵك ئەوە بووە کە دنیایەك بێتە ئاراوە، مرۆڤ بەئازادانە قسەی خۆی بکا و، باوەڕی خۆی دەربڕێ و لە ترس و بیم و نەداری و دەستکورتی ڕزگاری بێ،

لەبەر ئەوەی کە پێویست بووە، یاسا مرۆڤ بپارێزی، نەبادا لە دواجاردا ناچار بێ دژی ملهوڕی و ستەم ڕاپەڕێ و یاخی بێ،

لەبەر ئەوەی کە پێویست بووە، گەشەپێدانی پێوەندیی دۆستانەی نێوان نەتەوان پەرەی پێ بدرێ،

لەبەر ئەوەی کە گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەرلەنوێ لە پەیماندا جەختیان لەسەر باوەڕبوون بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، بە کەرامەت و بەها و بایەخی تاکەکەس و بە مافە وەکیەکەکانی پیاوان و ژنان کردووەتەوە و، بڕیاریان داوە کە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەرەو ژوور ببەن و، لە کەشێکی بەرفرەتری ئازادیدا، ئاستەکانی ژیان و گوزەران بەرەو سەرتر ببەن،

لە سەرینی ئەوەی کە دەوڵەتانی ئەندام، بەڵێنی هاریکارییان بە نەتەوە یەکگرتووەکان داوە، بەردەوام چاودێریی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بکەن و ڕێزیان لێ بگرن،

لەبەر ئەوەی کە تێگەیشتنێکی هاوبەشی ئەم ماف و ئازادییانە، گرنگیی هەرە مەزنی لەو بەڵێنبردنەسەرەدا هەیە بەتەواوی،

هەنووکە، کۆمەڵەی گشتیی ئەم جاڕنامە جیهانییەی مافەکانی مرۆڤ، وەك نموونەیەکی هەرە بەرزی هاوبەشی تەواوی گەلان و نەتەوەکان، ڕادەگەیەنێ تا هەموو تاك و دەستە و گرووپێکی ناو کۆمەڵگە، بەردەوام ئەم جاڕنامەیان لەبەرچاو بێ کە لە ڕێگەی خوێندن و فێربوون و پەروەردە و ڕێوشوێنی جێگیری نەتەوەیی و جیهانییەوە، ڕێزگرتن لەو مافانە پەرە پێ بدەن و، بە شێوەیەکی جیهانی و کارا لەنێو گەلانی دەوڵەتە ئەندامەکان خۆیان و گەلانی ئەو هەرێمانەیشەوە کە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندان، دەستەبەری دانپێدانان و ڕەچاوکردنیان بکەن.

**ماددە 1**

هەمی خەڵك بەئازادی لەدایك دەبن و لە کەرامەت و مافەکانیاندا وەکیەکن. گشتیان ئاوەز و هۆش و ویژدانیان پێ بەخشراوە و، دەبێت بە گیانێکی برایانە مامەڵە لەگەڵ یەکدیدا بکەن.

**ماددە 2**

1. **1**. هەر یەکێك، بەبێ هیچ جیاوازیدانانێکی وەك توخم، ڕەنگ، ڕەگەز، زمان، ئایین، بیروڕای سیاسی، یان هەر بیروڕایەکی دیکە، بنەچە و ئەسڵ و فەسڵی نیشتیمانی، یان کۆمەڵایەتی، سامان، باری لەدایکبوون، یان ڕەوش و باری دیکە، مافی کەڵکوەرگرتنی لە سەرجەم ئەو ماف و ئازادییانەدا هەیە کە لەم جاڕنامەیەدا جێیان بۆ کراوەتەوە.
2. **2**. سەرباری ئەوەیش، نابێ جیاوازی لەسەر بنەمای ڕەوش و ستاتۆی سیاسی، دادوەری و نێونەتەوەییی وڵات، یان ئەو هەرێمەی کە کەسەکەی پێوە بەستراوە، بکرێ؛ جا هەرێمەکە سەربەخۆ بێ، یان لەژێر سایە و چاودێریدا بێ، یان هەرێمێکی ناخۆبەڕێوەر بێ، یان لەژێر سایەی هەر جۆرە بەرتەسکردنەوەیەکی دیکەی سەروەریدا بێ.

**ماددە 3**

هەر تاکێك مافی ژیان، ئازادی و تەناهیی تایبەت بە خۆی هەیە.

**ماددە 4**

نابێ هیچ تاکێك بە کۆیلە، یان ژێردەستە بکرێ. کۆیلایەتی و کڕین و فرۆشتنی بەندان، هەر شێوەیەکی هەبێ، قەدەغەیە.

**ماددە 5**

نابێ هیچ کەسێك ئازار و ئەشکەنجە بدرێ، یان ڕەفتار و سزای توند و نامرۆڤانە و کەرامەتشکێنانەی لەتەکدا بکرێ.

**ماددە 6**

مافی هەر یەکێکە، لە هەر جێیەك بێ، وەك کەسێك لە بەردەم یاسادا، دانی پێدا بنرێ.

**مادده 7**

هەموو خەڵك لە بەردەم یاسادا وەكیەكن و، دەبێت یاسا وەكیەك و بەبێ هیچ جیاوازیدانێك بیانپارێزێ. هەمووان مافی ئەوەیان هەیە وەكیەك دژی هەر جیاوازیدانانێك كە ئەم جاڕنامەیە پێشێل بكا، دژی هەر جۆرە هاندانێك بۆ جیاوازیدانان، پارێزگارییان لێ بكرێ.

**مادده 8**

هەموو كەسێك مافی ئەوەی هەیە هانا بۆ دادگەی نیشتیمانیی پسپۆڕ ببات تا لە بەرانبەر ئەو كار و كردانەی كە مافە بنەڕەتییەكانی پێشێل دەكەن و، دەستوور، یان یاسا دەستەبەری كردوون، چارەسەرێكی كارای بۆ بدۆزێتەوە و هەقی بۆ بكاتەوە.

**مادده 9**

نابێ هیچ كەسێك لەخۆوە بگیرێ، گل بدرێتەوە، یان دوور بخرێتەوە.

**مادده 10**

هەر یەكێ، تەبای كەسانی دیكە، مافی ئەوەی هەیە لە لایەن دادگەیەكی سەربەخۆ و بێلایەن و دەستپاكەوە، بە شێوەیەكی دادپەروەرانە و بەئاشكرا سەیری كەیسەكەی بكرێ و بڕیار لە ماف و پابەندییەكانی، یان هەر تۆمەتێكی پێی كراوە، بدرێ.

**مادده 11**

1. **1**. هەر كەسێك بە هەر تاوانێك تۆمەتبار بكرێ، تا ئەو دەمەی لە دادگەییكردنێكی بەئاشكرادا كە هەموو دەستەبەرێكی پێویستی بۆ بەرگریگردن لەخۆ بۆ دابین دەكرێ و تاوانباربوونەكەی بە یاسای بەسەردا ساغ دەكرێتەوە، بە بێتاوان دادەنرێ.
2. **2**. نابێ هیچ كەسێك بە هۆی كردن، یان نەكردنی كارێك، تاوانبار بكرێ كە بەپێی یاسای نیشتیمانی، یان یاسای نێودەوڵەتی لە كاتی تاوانكردنەكەدا، بە تاوان نەژمێردرێ. هەروا نابێ سزایەكی توندتر لەو سزایەی كە لە كاتی تاوانكردنەكەدا بۆ ئەو تاوانە دیاري كراوە، بەسەر ئەو كەسەدا بسەپێنرێ.

**مادده 12**

نابێ ژیانی تایبەتیی هیچ كەسێك، یان بنەماڵەكەی، یان ماڵ و نامە و نامەكارییەكانی مایەی هیچ جۆرە خۆتێكردنێكی ملهوڕانە بێ. هەروا نابێ پەلاماری ئابڕوو و شۆرەتیشی بدرێ. هەموو كەسێك مافی ئەوەی هەیە یاسا لەم جۆرە مایەخۆتێكردن و پەلامارانەی بپارێزێ.

**مادده 13**

1. **1**. هەموو كەسێك ئازادیی هاتوچۆ و نیشتەجێبوونی لەناو سنووری هەر دەوڵەتێكدا، هەیە.

2. **2**. هەموو تاکێك مافی ئەوەی هەیە کە هەر وڵاتێك، بە وڵاتەکەی خۆیشییەوە، بەجێ بهێڵێ و، هەم بۆیشی بگەڕێتەوە.

**مادده 14**

1. **1**. هەموو تاکێك، لەبەر ستەم و چەوساندنەوە، مافی ئەوەی هەیە بە دوای پەنابەری لە وڵاتێکی دیکەدا بگەڕێ و کەڵکی لێ وەربگرێ.
2. **2**. هەر کەسێك لەبەر تاوانگەلێکی ناسیاسی درابێتە دادگە، یان لەبەر کار و کردەیەکی پێچەوانەی مەبەست و پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کەڵك لەم مافە وەرناگرێ.

**مادده 15**

1. **1**. هەر تاکێك مافی ئەوەی هەیە، دەوڵەتنامە (جنسیە)یەکی هەبێ.
2. **2**. نابێ هیچ کەسێك ملهوڕانە لە دەوڵەتنامەکەی بێبەش بکرێ، یان لە مافی گۆڕینی دەوڵەتنامەکەی بێبەش بکرێ.

**مادده 16**

1. **1**. هەر ژن و پیاوێك تەمەنیان گەیشتبێتە تەمەنی هاوسەرگیری، بێ هیچ کۆتوبەندێك بە هۆی ڕەگەز، یان دەوڵەتنامە، یان ئایین، مافی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزانیان هەیە. ژن و پیاو، چ لە کاتی ژن و مێردایەتی و، چ لە باری هەڵوەشاندنەوەیشیدا، مافگەلی وەکیەکیان هەیە.
2. **2**. هاوسەرگیری، دەبێت بە ڕەزامەندیی ئازادانە و تەواوی هەر دوو لایەنی هاوسەرگیری بێ.
3. **3**. ماڵبات، یەکەیەکی سروشتیی بنەڕەتیی کۆمەڵگەیە و مافی ئەوەی هەیە لە لایەن دەوڵەت و کۆمەڵگەوە بپارێزرێ.

**مادده 17**

1. **1**. هەر کەسێك، چ بەتەنیا و چ بە هاوبەش، مافی موڵکداریی هەیە.
2. **2**. هیچ کەسێك، نابێ ملهوڕانە و بەزۆر مڵك و ماڵی لێ زەوت بکرێ.

**مادده 18**

هەر کەسێك مافی ئازادیی بیرکردنەوە و هۆش و ویژدان و ئایینی هەیە. ئەم مافەیش، ئازادیی گۆڕینی ئایین یان باوەڕ، ئازادیی ئایین دەربڕین، چ بەتەنیا و چ بە هاوبەش، لەگەڵ کەسانی دیکەدا، چ بەئاشکرا و چ بەنهێنیی، لە ڕێگەی خوێندن و فێرکردن و ڕەچاوکردن و بەجێهێنانی ڕێورەسمی ئایینییش، دەگرێتەوە.

**مادده 19**

هەر کەسێك مافی ئازادیی بیروڕا و ئازادیی ڕادەربڕینی هەیە. ئەم مافەیش ئازادیی پێڕەوکردنی هەر بیروڕایەك دەگرێتەوە بەبێ مایەی خۆتێکردن، هەروا وەدەستهێنان و وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بیروڕایش دەگرێتەوە، جا بە هەر ئامرازێکی میدیا بێ، بێ خۆبەستنەوە بە سنوورەکان.

**ماددە 20**

1. **1.** هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە بەئازادانە بەشداری لە کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆمەڵەدا بکات.
2. **2.** نابێ هیچ کەسێك ناچاری چوونەناو کۆمەڵەیەك بکرێ.

ماددە 21

1. **1.** هەموو تاکێك مافی ئەوەی هەیە، ڕاستەوخۆ، یان لە ڕێگەی نوێنەرە بەئازادی هەڵبژێردراوەکانییەوە، بەشداری لە حکوومەتی وڵاتەکەیدا بکات.
2. **2.** هەموو کەسێك، تەبای هەر یەکێکی دیکە، مافی ئەوەی هەیە پۆستی گشتی لە وڵاتی خۆیدا وەربگرێ.
3. **3.** دەبێت خواست و ویستی گەل، چاوگەی دەسەڵاتی حکوومەت بێ. ئەم ویست و خواستەیش لە ڕێگەی هەڵبژاردنی پاك و بێگەردی ناو بە ناودا دێتە دی، کە دەبێت بە دەنگدانی نهێنی و یەکسانیی لە نێوان هەمووان‌دا، یان هەر کارڕاییەکی دیکەی هاوشێوە کە ئازادیی دەنگدانی تێدا مسۆگەر ببێ، بێتە دی.

**ماددە 22**

هەر کەسێك، وەك ئەندامێکی کۆمەڵگە، مافی بیمەی کۆمەڵایەتیی هەیە لەسەر بنەمای سوودمەندبوون لەو مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییانەی کە پێویستن بۆ پاراستنی ئابروو و کەرامەت و نەشونمای ئازادانەی کەسایەتیی خۆی، بە سایەی هەوڵی نەتەوەیی و هاریکاریی نێودەوڵەتی و بەگوێرەی ڕێکخستن و سەرچاوەکانی هەر دەوڵەتێك.

**ماددە 23**

1. **1.** هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە کار بکات، بەئازادی کار و شوڵ بۆ خۆی هەڵبژێرێ، هەلومەرجێکی دادپەروەر و دڵخوازانەی کاری هەبێ و، لە بێکاربوون بپارێزرێ.
2. **2.** هەموو تاکێك، بێ هیچ جیاوازیدانانێك، مافی ئەوەی هەیە هەقدەستی یەکسان لە بەرانبەر کاری وەکیەك وەربگرێ.
3. **3.** هەموو تاکێك کار بکات، مافی ئەوەی هەیە لە بەرانبەردا هەقدەستێکی دادپەروەرانەی گونجاو وەربگرێ کە بژێو و گوزەرانێکی شیاو و بەکەرامەتی مرۆڤانە بۆ خۆی و بۆ خێزانەکەی دەستەبەر بکا، ئەمە سەرباری ئامرازەکانی دیکەی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە کاتی پێویستدا.
4. **4.** هەموو کەسێك بۆ پاراستنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی، مافی پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵەی پیشەیی و چوونەناو سەندیکای هەیە.

**ماددە 24**

هەموو کەسێك مافی پشوودان و کات و دەمی بێشوڵ و کاری هەیە، نەمازە دیاریکردنی بەجێ و ڕێی کاتژمێرەکانی کار و پشووی ناو بە ناوی بەمز (بەکرێ).

**مادده 25**

1. **1.** هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە ئاستێکی گوزەرانی هەبێ و تەندروستی و بژێوی خۆی و ماڵباتەکەی پێ دابین بکا، بە خۆراك، جلوبەرگ، خانوبەرە و و چاودێریی پزیشکی و خزمەتگوزارییە پێویستە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە. هەروا مافی ئەوەیشی هەیە لە باری بێکاری، نەخۆشکەوتن، پەککەوتن و بێوەژنی و بێوەمێردی و پیربوون و هۆکاری دیکەی لەدەستدانی ئامرازەکانی بژێوی لە ئەنجامی هەلومەرجێکدا، بێ ویست و خواستی خۆی، ژیان و گوزەرانی بۆ دابین بکرێ.
2. **2.** دایکایەتی و منداڵێتی، مافی هاریکاری و چاودێریی تایبەتیان هەیە و، دەبێت سەرجەم منالان، جا چ لەدایکبوونیان ئاکامی گرێبەستێکی شەرعی بێ، یان ڕێگەیەکی ناشەرعی، مافی ئەوەیان هەیە وەکیەك لەباری کۆمەڵایەتییەوە بپارێزرێن.

**مادده 26**

1. **1.** هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە پێی بخوێندرێ. دەبێت خوێندن و فێربوون، بە لانی کەم لە هەر دوو قۆناخی سەرەتایی و بنەڕەتیدا، بەخۆڕایی بێ. دەبێت خوێندنی سەرەتایی بەزۆر بێ و، خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی بگشتێندرێ و، وەرگرتن لە خوێندنی باڵادا لەسەر بنەمای لێوەشاوەیی و بۆ هەمووان وەکیەك بێ.
2. **2.** دەبێت ئامانجی پەروەردە و فێرکردن، پێگەیاندنی هەمەلایەنەی کەسایەتیی مرۆڤ و ڕێزگرتنی زێتری ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، بەرەودان بە لێکحاڵیبوون و لێبووردەیی و دۆستایەتیی نێوان سەرجەم گەل و گرووپ و کۆمەڵە ڕەگەزی و ئایینییەکان و هەوڵی زێتری نەتەوە یەکگرتووەکان بێ، بۆ پاراستنی ئاشتی.
3. **3.** دایکان و باوکان، پێش کەسانی دیکە، مافی ئەوەیان هەیە جۆری ئەو پەروەردەیە دیاری بکەن کە منداڵەکانیان پێ پەروەردە دەکرێ.

**مادده 27**

1. **1.** هەر تاکێك مافی ئەوەی هەیە ئازادانە بەشداری ژیانی کەلتووریی کۆمەڵگە بکا و، چێژ لە هونەر وەربگرێ و، بەشداری لە پێشکەوتنی زانستیدا بکا و، سوود لە دەسکەوتەکانی وەربگرێ.
2. **2.** هەر تاکێك مافی ئەوەی هەیە، بەرژەوەندە مەعنەوی و ماددییەکانی بپارێزرێن، کە بەرەنجامی هەر بەرهەمێکی زانستی، ئەدەبی، یان هونەری بن کە خۆی دایناوە.

**مادده 28**

هەر تاکێك مافی ئەوەی هەیە کەڵك لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتیی وەسا وەربگرێ کە بەسای ئەمەوە، ئەو ماف و ئازادییانەی لەم جاڕنامەیەدا هاتوون، بەتەواوی بێنە دی.

**مادده 29**

1. **1.** هەر تاکێك لە بەرانبەر ئەو کۆمیونیتەی کە، دەکرێ گەشەکردنی ئازادانە و هەمەلایەنەی

کەسایەتیی بۆ بڕەخسێنێ، ئەرکگەلێکی دەکەونە ئەستۆوە.

2. **2**. تاکەکەس لە پراکتیزەکردنی ماف و ئازادییەکانی خۆیدا تەنیا مل بۆ ئەو کۆتوبەندانەی یاسا بڕیاری لێ داون، دادەنەوێنێ، بە مەبەستی دابینکردنی دانان و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی کەسانی دیکە و بۆ باوەگۆدانەوەی داخوازیی دادپەروەرانەی ڕەوشت، نیزامی گشتی و بەرژەوەندیی گشتی لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیکدا.

3. **3**. نابێ لە هیچ بارێکدا پراکتیزەکردنی ئەم ماف و ئازادییانە پێکناکۆك بێ، لەتەك ئارمانج و پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

**مادده 30**

لەم جاڕنامەیەدا دەقێکی تێدا نییە کە وا لێك بدرێتەوە مافی کار و کردەیەک یان چالاکییەکی ئەوتۆ بە دەوڵەتێك، گرووپێك، یان تاکەکەسێك بدا کە تێکدانی ماف و ئازادییەکانی ناو ئەم جاڕنامەیە بەدواوە بێ.